# مارشی ملیۆنی بەرەی ئینسانی و ئازادیخواز لەسەرتاسەری دنیادا بەدژی سیاسەتی نەزمی نوێی خوێنینی ئەمریکا لەعێراقدا، روخساری جیهانی بەخۆوە گرت!

نوری بەشیر
n.bashir3@tiscali.co.uk

## بەرەیەکی جیاواز پەیامیکی جیاواز بۆ کۆمەلگای مرۆڤایەتی



بەشیك لەخۆپیشاندانی 19-3 لەنیویۆرك

دوێنی 19-3 جاریکی کە بەدوای تیپەربوونی 2 ساڵ بەسەر شەری ئەمریکاو هاوپەیمانانیدا بەسەر کۆمەلگای عیراقدا، بەرەی ئینسانی و ئازادیخواز لەدنیادا بەدژی سیاسەتی نەزمی نوێی خوێنینی جیهانی ئەمریکاو هاوپەیمانانی، هیزی ملیۆنی خۆی هینایە مەیدان و دوپاتیان کردوە کەلە پشتی خەلکی عیراق و خواستەکانیانەوە وەستاون، وەك هیزیکی تر و مەیدانیکی تری کە بەخیلافی سیاسەتی ئەمریکا و هاوپەیمانە رەنگاو رەنگەکان لەناوخۆی عیراق و دەرەوەدا، رژانە شەقامەکان لەناوەندی شاردا لەسەرتاسەری دنیادا، شیعاریان بەرزکردەوەو بەدەنکی بەرز هاوریان دەکرد، ئەم هیزە کە لەم رۆژەدا ناوچەیەکی فراوانتی وولاتانی لەچاو مارشەکانی پێشودا بەخۆوە گرت، لە وولاتەکانی ئەوروپا، ئەمریکا، ئوستراليا، روسیاوە تا دەگاتە وولاتە عەرەبی و ئەفریقیەکان و مالیزیاو ئەندۆنوسیا و یابان و....هتد... بەبێ هیچ دودلّیەك نایان بۆ سیاسەتی شەخوازانەی ئەمریکاو هاوپەیمانانی و نایان بۆ دیموکراتیەکەی ئەمریکا دەوت، و داوای دەست بەجێ دەچونی هیزەکانی ئەمریکایان لەعیراقدا دەکرد.



19-3 لە خۆپشاندانی لەندن
بەرزکردنەوەی تابوتیك کە شیعاری کوژرانی
100 000 کەسی لەسەر نوسراوە

ئەم هیزە بەرەیەکی جیاوازو پەیامیکی جیاوازی پێ بوو، لەوەی کە ئەمریکا دەیەویت کوشت و کوشتاری خەلکی بکات، بەناوی تیرۆریزم و دیموکراسی و دیفاع لەخەلکی، ئەم بەرەیە دەنکی خەلکی نارازیە بەدژی شەرەکانی ئەمریکا، بەدژی داگیرکاری و کوشت و کوشتارو کاولکاری و تیکدانی پایەی ژیانی مەدەنی و ئابوری کۆمەلگا، ئەم بەرەیە جەبهەیەکی ئینسانی و ئازادیخواز و چەپ و کۆمۆنیستە، کە پەیامی دنیایەکی باشتری ئینسانی پێیە، وە هاوار دەکات کەخەلکی عیراق هیزی خۆتان بهیننە مەیدان و ئیمە لە پشتانەوە راوەستاوین و دنیای متەمەدنی ئەمرۆ لەبەرامبەر وەحشیگەریەکانی ئەمریکاو هاوپەیمانیدا کەلەجەنگی دوو سالی عیراقدا زیاتر لە 100000 سەدهەزار خەلکی کوشتار کردوەو کۆمەلگای لەبەریەك ترازاندوە، دەست ناگرن بەچاویانەوەو هاوار دەکەن کە ئیتر ئەم وەحشیگەریەی بەریخراوە قابیلی تەحەمول نیە،ئتر زەرورە ئەم دنیایە بەدنیایەکی باشتری شیاوی ئینسانی بگۆریت.

## ئەم مارەشە دریژەی ماری شوباتی 2003 ە

ئەم بەرە فراوانە لە شوباتی 2003 دا هیزی ملیۆنی خۆیان نیشاندا و بەجیهانی متەمەدنیان ووت کە ئیمە بەدژی سیاسەتی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانین بۆ لیدانی عیراق، ئەم بەرە ئینسانی و ئازادیخوازە کە ریزیکی فراوانی لە ئیتحادیە کریکاریکان و ئەحزابی چەپ و کۆمۆنیستی کریکاری و ریکخراوەکانی ژنان و قوتابیان و لاوان و تا دەکاتە ریکخراوە ئینساندۆستەکانی پیکدەهینا، کەبەدژی سیاسەتی








3-19 کۆپنهاگن　　3-19 عەمان　　3-19 تۆکیۆ




خۆپیشاندانی Philadelphia لەرۆژی یەك شەممە ریكەوتی 20-3-2005

شەرخوازانەی ئەمریکاوە بوون، وەلایان رۆشن بوو کەئەمریکا نەبەشوین چەکی کۆکوژی رژیمەکەی صدامەوەیە و نە بەشوین خوشگوزەرانی ژیانی خەلکی عیراقەوەیە، بەلکو بەشوین گەورە هیزی و کۆنترۆلی خۆیەوەیەوەتی بەسەر دنیادا، بۆ ئەمەش گۆمی خوین و کاولکاری لەهەر شوینیکی ئەم دنیایەدا کەبیەویت دروست ئەکات دەیەویت لەعیراقدا هەمان شت بکات، بەو هۆیەوە بەریزی ملیۆنیەوە رژانە سەر شەقامەکان و ئەو پەیامەیان بەگوێی کۆمەلگادا سەبارەت بەسیاسەتی ئەمریکا لەعیراقدا بەرۆشنی ئەمرۆ هەمووی دەبینریٚ.

ئەم خۆپیشاندانانەی مارسی 2005 دوپاتیان کردوە بۆ دنیا کەهیزی رادیکالو ئینساندۆست و عەلمانی لەدنیادا بیدەنگ نین و ئەگەرچی ئەمرۆ ئەمریکاو دەولەتانی هاوپەیمانانی و هیزە قەومی و ئیسلامیەکانی ناوخۆی عیراق لە پشت سەری سیاسەتی ئەمریکاوەن و بەشکین لەهیزی شەرخوازی ئەمریکا، بەلام لەبەرامبەر میژوودا مۆری شەرمەزاریان بەنیوچەوانەوەیە، کە رۆژیك دەبیت باجەکەی بدەن.ئەم هیزە ئینسانیە ملیۆنیەی کە خواستی ئینسانی و لە پشت سەر بوونی خەلکی عیراق و داواکاریەکانیان و کۆتایهاتنی سیناریۆیەکی رەش و دەرچونی هیزەکانی ئەمریکا پەیامەکەیەتی، دەیەویت بەکۆمەلگای بەشەری بلییت کەدنیایەکی باشتری کە لەدەرەوەی سەیتەرەی ئەمریکاو بەریتانیاو شیخەکانی دنیای عەرەبی و ئەحزابی ئیسلامی تیرۆریست و دەولەتەکانیان و حزبە ناسیونالیستەکوردیەکان قابیلی بەدیهینانە، ئەم بەرە ئازادیخوازە کە هیزەکانی ئەمریکا بەسەرچاوەی کۆیرەوەریەکان و سیناریۆی رەش و کاولکاری کۆمەلگای عیراق و بەهیزکردنی ئیسلامی سیاسی و تیرۆریزمی ئیسلامیە، داوای دەرچونی دەستبەجیٚی هیزەکانیان دەکات لەعیراقدا، داوای ژیانیکی باش و ئینسانی بۆ کۆمەلگای عیراق دەکات، لەئاسایش و دەولەتی جیگای مەبەستی خەلکی.

ئەم خۆپیشاندانانە ئەگەرچی هیزیکی میلۆنی لەم رۆژەدا هینایە مەیدان، لەچەندین وولاتانی دیکەدا لەرۆژەکانی 3-18 و 3-20 دا نمایشی خۆیان کرد، لەزۆریك لەوولاتە عەرەبیەکاندا بەهۆی رووبەروو بوونەوەی توندیان لەلایەن پۆلیسی دەولەتەکانیانەوە، کیشەکان بەتوندوتیژی لەگەل پۆلیسدا کیشرا.




مدريد

ئەم هیزە گەورە ئینسانی و ئازادیخوازو کۆمۆنیستە پشتگیری و دەخالەتەکانیان، بۆ ئەوەیە کە خەلکی عیراق خۆیان چارەنوسی خۆیان دیاری بکەن، حکومەتی خواستی ئەمریکا، بەدلنیاییەوە حکومەتی خواستی خەلکی نیە، دیموکراتی بەئاگرو ئاسنی ئەمریکاو هاوشیوەکانی شتیك لەفریوکاری زیاتر نیە، ئەحزاب و




2005—3-18 خۆثیشاندانی مانیلا | 2005—3-19 خۆثیشاندانی سودان | خۆثیشاندانی نیودەلهی

کەسایەتی سەر بەئەمریکا بەدلنیاییەوە لە پشت سەری خەلکی عیراق و کوردستانەوە نیە، وە ناتوانن بەشیك بن لە خواستەکانی جەماوەری کریکاری و زەحمەتکیشی عیراق و کوردستان، ناتوانن هیزو دەولەتیك بن لە پشت سەری خواستەکانی ژنان و منالانەوە، وە جیا لەزیادکردنی ئازارو کوشت و کوشتار و دزینی رەنجی شانیان و سەروەت و سامانی کۆمەلگا ناتوانن هیزیکی تر بن ...
پەمامی ئەم هیزە بەگوێی دنیادا ئەوەیە کە چیتر هیچ کەسیك بەسیاسەتی شەرخوازانەو دیموکراتیەکەی ئەمریکاو بەریتانیا و باقی هاوپەیمانیان خۆشخەیال نەبن، بەلکو تەنیا هیزی خۆیانە بریار لەسەر چارەنوسیکی رۆشنتر و ئینسانی تر دەدات، وە هاوپشتی خۆیان دوپات دەکردەوە بۆ خەلکی عیراق.

## بەشداری حزبی کۆمۆنیستی کریکاری و شیعارو پەیامەکانی

حزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق، لەزۆربەری وولاتەکاندا بەشداری ئەم مارشەی کردو بەشیعارەکانی : نا بۆتیرۆریزمی ئەمریکاو نا




بەشداری حزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق لە خۆپیشاندانی 2005-3-19

بۆتیرۆریزمی ئیسلامی، دەرچونی دەستبەجێی هیزەکانی ئەمریکا، نا بۆ نەزمی نوێی جیهانی و نا بۆ شەرو عەسکەرتاریەت، بەلێ بۆ کۆمەلگایەکی مەدەنی و سکۆلارو ئینسانی، پشتیوانی ریکخراوی کۆنگرەی ئازادی عیراقدا بکەن، هاوکات حزبی کۆمۆنیستی کریکاری - حکمتیست بەشداری ئەم مارشەی کرد، وە بەهەزران لەبلاوکراوەکانی حزبی کۆمۆنیستی کریکاری بلاوکرایەوەو شیعارو پلاکارتەکانی حزب بەرزکرانەوەو هەروەها بەدەنگی بەرز دەوترانەوەو خەلکی لەدەوری کۆدەبونەوەو گوێ بیستی دەبوون. شیعارو پلاکارتەکانی حزب لەم خۆپیشاندانەدا لەلەندن سەرنجی خەلکانیکی زۆری رادەکیشاو دەهاتنە سەر مێزکتیبی حزب و پرسیاریان دەکردو وینەیان لە ووتەبیژەکانی حزب دەگرت.

2005-3-21

لاپەرەی کۆتایی چەند وینەی خۆپیشاندانی وولاتان نیشاندەدات

## بەشکیی کە لەنیشاندانی خۆپیشاندانەکانی 2005-3-19 لەهەندیك لەوولاتەکانی تر



وارشۆ



ئیتالیا



یابان




تورکیا




یۆنان




پاکستان





لەندن